# بۆ هادی عه له وی #

تۆ له سه رده می کورته باڵایان،
باڵای به رزی خۆت له کوێ هێناوه؟
تۆ له سه رده می قاتی و نه هاتا،
وه رزی  سه وزی خۆت  له کوێ هێناوه؟
له به ر خرینگه ی
شیر و... زرینگه ی
ئاڵتوونی قوره یش
چۆن گوێت له ناڵه و نرکه ی عه لی بوو؟
چۆن له به ر ژاوه ی ئایشه و حه فسان
گوێت له سکاڵای ماریه ی قیبتی بوو؟

* * *

خۆ سه ده کانی  ئێمه  هه موویان
لکی  دره  ختی  چاخی جاهیلین :
کڵێسه و مزگه وت،
شوورا و په رله مان،
باره گا و دیوان،
هه موو بازاری گه رمی عوکازان...
نابیغه کانیش هه مان نابیغه ن :
خودایان ورگه... نه وه ی به رازان،
له ملا به رزگی شای غه ساسینه  باوه شێن  ده که ن،
له ولا بۆ بنپێی  شای  مه نازیره وه ك  به رده بازن.

* * *

له ڕۆژهه ڵاتی ڕۆژ  له بن  پێدا،
له  ڕۆژهه ڵاتی
ده ستنوێژ هه ڵگرتن  به  خوێن  و  پێترۆل،
له ڕۆژهه ڵاتی
ماره  به جاش و
ڕشك و ئه سپێدا،
له و ڕۆژهه ڵاته ی
ناموس  فیراره و
په نابه رێکه له ناو  ده رپێدا:
سه رم سوڕماوه،
چۆن توانیت، گه وره م!
بێ  ده نگی  قانگ  ده ی؟
تۆ چۆن زاتت کرد
ئه و کوولکه یه  به ده ی  به  عه ردا  و
پڕ به ده نگ بانگ ده ی!

ئه ی ڕۆژهه ڵاتی کورته باڵایان،
ئه م باڵا به رزه ت سه د جار پیرۆز بێ.
ئه ی چاخی قاتی و ساڵانی نه هات،
ئه م وه رزه سه وزه ت سه د جار پیرۆز بێ!

۱۹۹۰/۱۲/۲ - مۆسکۆ - ستاره مینسکایا

---

**هادی عه له وی** : بیرمه ندێکی عیراقییه و یه کێکه له و نووسه رانه ی عه ره ب، که له هه ژمه تی شه هید کردنی هه ڵه بجه حاشای له ناسنامه ی عه ره بایه تیی خۆی کرد و سه ر به خۆیی کوردی به ره وا زانی.

**ئایشه** : کچی ئه بو به کر، خێزانی پێغه مبه ر(د).

**حه فسه** : کچی عو مه ری کوری خه تاب و خێزانی پێغه مبه ر (د).

**مارییه ی قیبتی** : کچێکی کۆیله بوو، له میسره وه به دیاری بۆ پێغه مبه ر هات و کردیه هاوسه ری خۆی.

**عوکاز** : بازاڕێکی عه ره بان بوو، سه کۆیه کیش بوو بۆ پێشبڕکێي شاعیران.

**نابیغه زوبیانی** : شاعیرێکی عه ره بی سه رده می جاهیلی بوو، کێ زێتری دابا، به ویدا هه ڵده گوت. له نێوان شای مه نا زیره و شای غه ساسینه دا، که دوژمن بوون، له هاتوچۆدابوو. ڕه مزی شاعیری خوێری و فره ئاخوره.